**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و، بە گوێرەی ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران خستییە روو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٢٧)دا کە رۆژی ١٠/١٢/٢٠١٢ گرێ درا، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٢**

**یاسای جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقداو، کارکردن بە حوکمەکانی.

**ماددەی دووەم:**

لەکارخستنی ماددە (١٦)ی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقداو، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

**یەکەم:** زمانی فەرمی پێشکەشکردن و دۆکیومێنتکردنی سەنەد لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، زمانی کوردی و عەرەبیە.

**دووەم:** زمانی رێکخستن و دۆکیومێنتکردنی سەنەد لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، زمانی کوردییە یان عەرەبیە.

**سێیەم:** دادنووس بۆی هەیە بە زمانێکی بیانی سەنەد دۆکیومێنت بکات و بینووسێتەوە ئەویش لە دوای زانینی ناوەرۆکەکەی لە رێگەی وەرگێڕێکی سوێندراو.

**ماددەی سێیەم:**

دامەزراوو فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان –عێراق و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، جێگەی دامەزراوو فەرمانگەکانی ناوەندیی و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبن، دەگرنەوە.

**ماددەی چوارەم:**

لەکارخستنی برگەی (شەشەم)ی مادده (١١)ی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان – عێراقداو، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

**شەشەم:** دادنووس بۆی هەیە، بەگوێرەی قەناعەتی خۆی، توانای دارایی دەستەبەر (کفیل) لە سنووری (١.٥٠٠.٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار، پشتگیریی بكات.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە دەسەڵاتی دادنووس بداتە ئەندامی داواکاری گشتی یان جێبەجێکاری داد یان بەڕێوەبەری چاودێریی ناکامان بە مەرجێك ماوەی پیادەکردنیان بۆ کاری یاسایی لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە دەسەڵاتی دادنووس بداتە لێکۆڵەری داد یان یاریدەدەری دادگەریی لە نێوان کارمەندانی وەزارەتەکەی بە مەرجێك ماوەی پیادەکردنیان بۆ کاری یاسایی لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە دوای نەوەت رۆژ لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا فەرمانگەکانی دادنووسیی لە هەرێمدا بەپێی یاسای دادنووسانی عێراقی هەڵوەشێندراوەی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ١٩٧٧ و یاسای تۆمارکردنی ئامێرەکانی ژمارە (٣١)ی ساڵی ١٩٣٩دا، کار دەکەن، کە ئەم دوو یاسایەش یاسای کۆنن و لەگەڵ کاتی ئێستادا ناگونجێن و لەبەر ئەوەی یاسای دادنووسانی عێراقی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨، کە حوکمەکانی تۆمارکردنی ئامێرەکانی لەگەڵدا لێکدراوەو کراونەتە یاسایەکی یەکخراو بۆ دادنووسان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی یەکپارچەیی بابەت، وە لە پێناو جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی لە هەرێمدا، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

---

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە ٣٠ ی ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا